## کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان
## زنجیرەی پێشڕەوەکەت بناسە
## (٧)

# چەند سواڵەیەکی مەلۆیەک

# لـــــە

# خەرمانی بیری پاسۆک

بەشی ڕاگەیاندنی پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک)

**ناسنامە:**
**کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان**
**زنجیرەی پێشڕەوەکەت بناسە**
**(٧)**
**چەند سواڵەیەکی مەلۆیەک لە خەرمانی بیری پاسۆک**
**چاپی یەکەم: ١٩٨٣ بەشی ڕاگەیاندنی پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک)**
**چاپی سێیەم: ١٩٨٥ پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک) لقی ئەوروپا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.**
**چاپی چوارەم: ٢٠٢٥ نوێ کردنەوەی کوردیپیێدیا**
**(سەرچاوەی پی. دی. ئێف. هەواڵنامەی کتێب)**
**تایپ و هێنانە سەر ڕێنووسی نوێ: کوردیپیێدیا-زریان سەرچناری ٢٠٢٥**

**پێشکەشە بەوانەی نانی گاڵی خۆیان ناگۆڕنەوە بە خۆراکی سەر سینی بێگانە...**

- جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە.
- جەماوەر خاوەنی ئێمەیە، ئێمە ئاغای ئەو نین.
- ئەوەی جەماوەری لە پشت بێت، سەرکەوتووە.
- گوللەبەندی هەر کۆمەڵێک، جەماوەرە.
- جەماوەر لە هەر مەترسییەک بمان پارێزێت، نابێت گوێ بدەینە هیچ شتێک، دڵ و داوای جەماوەر نەبێت.
- لە جەماوەرەوە پەند وەرگرن و فێریشیان کەن.
- ئەوەی لە جەماوەر دوا بکەوێت، کۆنەپەرستە؛ ئەوەش لێی دابڕێت نامۆیە.
- پێشڕەو ئەوەیە: نە ئەوەندە لە جەماوەر دوابکەوێت پێشێل بێت، و نە ئەوەندەش بفڕێت دابڕێت.
- سەنگی مەحەکی ڕاستێتیی هەر هێزێک، جەماوەرە.
- داوا و ڕالەسەربوونی جەماوەر، بواری دڵسۆزی و ڕەسەنایەتی هەر کۆمەڵ و بیروباوەڕێکە.
- باوەڕبەخۆبوون، نیوەی سەرکەوتنە.
- دۆستایەتی خاسە، بەس کەس بە خۆت نابێت.
- هەموو نەخۆشییەک چاری هەیە، بەدنیهادی نەبێت.
- ڕێبازی چەوت، مل بە هەڵدێرەوە دەنێت.
- خراپە هەر خراپە، بۆ هەر مەبەستێک بێت.
- چەوتی هەر چەوتە، هەرکەسێ بیگرێتە بەر.
- ئەوەی توولەمار بەخێو کات، بە خۆیەوە دەدات.
- زیادەڕەوی هەرزەییە، و سازش ناپاکی.
- دەمارگیری تاوانە و خۆبەدەستەوەدان خیانەتە.
- دوژمنی سەرسەخت، لە دۆستی ناپاک چاترە.
- کەس نابێتە نوێنەر و جێگری جەماوەر؛ تەنها دەتوانین جەنگاوەر و پاسەوانی بین.

- زەبروزەنگ بەرانبەر جەماوەر، لە هەموو حاڵەتێکدا تاوانە.
- جامی جەماوەر کە پڕ بوو، دەبێتە لافاو.
- دەستێ بە ڕووی جەماوەردا بەر نەبێتەوە، ناتوانێت لە خزمەتیدا بێت.
- کەس نییە لە بەردەم لافاوی نارەزایی جەماوەردا، خۆی بگرێت.
- ئەوەی نەتوانێت لەناو جەماوەردا وەک جەماوەر بژی، ناشتوانێت خزمەتی بکات.
- وتەی بێ کردار، وەکوو مایەپووچ وایە.
- بەزەحمەت متمانەی جەماوەرت دەست دەکەوێت، بەڵام بەئاسانی لە دەستت دەچێت.
- ئەوەی جەماوەر فریو بدات، کۆشکی خۆی لەسەر لم دروست دەکات.
- ئەوەی پشت لە نەتەوەکەی خۆی بکات، سواری کەڵەکی پەڕۆ دەبێت.
- ئەوەی گەلی خۆی نەوێت، کەڵکی دۆستایەتی ناگرێت.
- دۆستایەتی ئەوانە بکەن، دۆستی گەلەکانی خۆیانن.
- پارووی بێگانە تێرت دەکات، بەڵام لە برسێتی ڕزگارت ناکات.
- گاڵی گەلەکەی خۆت، لە سینی حەوت تەرحەی بێگانە چاترە.
- چرای دراوسێ، لانەی تاریکی تۆ ڕۆشن ناکاتەوە.
- قوتیلەی ماڵەکەی خۆت، لە چراخانی دراوسێ بۆت ڕووناکترە.
- تا چرات دەست نەکەوێت، نابێ قوتیلەکەت بشکێنی؛ وە تا کارەباشت نەبێ، نابێ دەستبەرداری فتیلەی خۆت بیت.
- ئەوەی برایەتیی کوردی بە دۆستایەتیی بێگانە بگۆڕێتەوە، ناپاکە و خۆفرۆشە؛ لە (کورد)ێتی دەشۆڕێتەوە و کەڵکی بۆ بێگانەش نابێت.
- ئەوەی سیاسەت وەک عیبادەت نەکات، بازرگانە.
- ئەوەی لە تاوانی بێگانە خۆش بێت، بەڵام هەڵەی هاوزمانەکەی لەبیر نەباتەوە، زۆڵە.
- ئەوەی نەتوانێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت، ناشزانێت ڕاستگۆ بێت.
- ئەوەی پێی وا بوو بێخەوشە، یان شێتە یان درۆزن.

- هەڵەی دووبارەوەبوو، تاوانە.
- لە پێناوی ڕاستیدا هەموو شتێک لەدەست بدەیت، قازانجترە لەوەی بە درۆ هەموو شتێکت بۆ بچێتە سەر.
- هەڵە بە کوتەک ڕاست نابێتەوە.
- دەتوانیت هەموو کەسێک بە هەڵەدا بەریت، بەڵام ویژدانی خۆت نا.
- کە ویژدان مرد، مرۆ لە بەین دەچێت.
- لە هەر کێشەیەکدا خۆت بخەرە جێگەی بەرانبەرەکەت و ئینجا حوکم بدە.
- ئەوەی لە خۆر بترسێت، دەبێت لە تاریکیدا بمرێت.
- ئەوەی پشت ئەستوور بێت لە خۆی، باوەڕەکەی لە هیچ هێزێک ناترسێت.
- ئەوانەی فرزە لە خەڵکی دیکە دەبڕن، دەزانن باوەڕەکەیان چەوتە... ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ئەو چەوتییە ڕاگرن هەر دەبێت ببن بە ژێر گڵەخانەوە.
- زەبروزەنگ ترس پەیدا دەکات، بەڵام هەرگیز خۆشەویستی ناڕسکێنێت.
- ترس لە زۆرەوە پەیدا دەبێت، بەڵام خۆشەویستی دەکوژێت.
- ئەو لایەنگرییەی لە ترسەوە هەڵسابێت، کە هەڵگەڕایەوە دەبێتە ڕق و تۆڵە.
- خراپە بەرانبەر تاک لە بیر دەچێتەوە، بەڵام بەرانبەر کۆمەڵ تۆمار دەبێت.
- ئەوەی هەر خراپەی یەکێ وەبینێت و چاکەکەی لە بیر وەباتە و نمەک بە حەرامە... و ئەوەش تەنها چاکەکەی بەرچاو دەگرێت و خراپەی فەرامۆش دەکات، درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات.
- ئەوەی تاقەتی بە شتێک نەشکێت نەیکات چاترە.
- سیاسەتمەدار کە پەکی کەوت، گەورەترین و دوا خزمەتی بە گەلەکەی ئەوەیە، دەست لە سیاسەت بکێشێتەوە.
- ئارەزوو و ویستی خۆتان تێکەڵاوی مەسەلەی کۆمەڵ مەکەن.
- دەبێت خۆتان بخەنە سەر بارێک کە ویستەکانتان لەگەڵ بیروباوەڕ و ڕێبازەکانتاندا بگونجێت، نەک ئەوان بکەنە پردی پەڕینەوەیان.

- ئەوەندە خۆت بۆ دۆستەکەت بکەرەوە ئەگەر سبەی دوژمنایەتی کردیت زەفەرت پێ نەیەنێت.
- هەزاران دۆست، نەک دوژمنێک.
- نە دەستی دۆستایەتی بدەنە دواوە، نە لەبەر دوژمنایەتیشدا هەڵێن.
- لە دۆستایەتییدا دەستپێشخەربن، لە ناحەزیدا تەنها لەسەرخۆ وەکەن.
- نە لە دۆستایەتییدا بتوێنەوە و نە لە ناحەزیشدا تا ئەوپەڕی بڕۆن.
- ئەوەی هەنگاوێک لێتان هاتە پێش، دوان بە پیریەوە بچن، ئەویش بەردی تێ گرتن، کوچکی تێ سرەوێنن.
- لە دۆستایەتی و دوژمنایەتیشدا ڕێگەی مەردانە نەبێت، مەیگرنە بەر.
- زەمی دۆستەکەت مەکە و بە دوژمنەکەشتدا هەڵمەڵێ.
- کاسە ئارووی کەس بەسەر خۆتانەوە مەهێڵن.
- **ئازایەتیی**:
  ١. ڕاستگۆیی و وێڕای دەربڕینی هەقە.
  ٢. وەستانەوەیە، بە ڕووی نارەوایییدا.
  ٣. نەبەزینە، لەبەردەم سەختی و دژواریدا.
  ٤. خۆگرییە، لە تەنگانەدا.
  ٥. مانەوە و بەردەوامییە، لەسەر ڕێباز و بیروباوەڕی دروست.
  ٦. کۆڵدانە بە دوژمن.
- لە ڕقی کەس، کەسی تر پەسەند مەکەن و لەبەر خۆشەویستیی کەسیش، دژی کەسی تر مەبن.
- بە سکەخشکێ بڕۆیت، لە دارشەقی بێگانە چاترە.
- کۆیلەی هاوزمانەکەی خۆت بیت، چاترە لە پیاوی بێگانە.
- ڕێز لە هەموو بیروباوەڕێک بنێ، بەس باوەڕەکەی خۆت لە هیی کەس بە کەمتر نەگریت.

- لە سێبەری هەموو کەسێکدا دەتوانیت بحەسێیتەوە، بەڵام هەرگیز لەژێر ساباتی کەسدا گەشە ناکەیت.
- خۆت بە کەسەوە هەڵمەواسە و کەسیش لە خۆت تەرە مەکە.
- ڕاستی، قایمترین قەڵایە کە هێرشی هیچ دوژمنێک پێی ناگیرێت.
- تووڕەبوون هۆش و هەق دەکوژێت.
- هەڵچوون وەکوو شیر وایە، هەر خۆت دەسووتێنێت.
- نائومێدی بەڵاترین کارەساتە.
- لە کوێدا چەوساندنەوە هەبێت، ئازادی لەداردراوە.
- یەکسانی کۆڵەکەی کوردایەتییە.
- ئازادی و یەکسانی، جووتە دیوی کوردایەتین؛ هیچیان بێ ئەوی تریان بە دەردی کورد ناخۆن.
- کوردایەتی سەنگەری کوردە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران.
- دۆستایەتی و هاوکاریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی دیموکراسی و بەرەی سۆشیالیستخواز، بەردی بناغەی خەباتی ڕەوامانە.
- دەست لەنێو دەستی دیموکراسیخوازان و سۆشیالیستخوازانین دژی داگیرکەری و ئیمپریالیزم.
- ئیمپریالیزم و داگیرکەران لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانە، دوژمنی کوردن.
- جەماوەری زەحمەتکێشی کورد و بەرەی دیموکراسی و سۆشیالیستخواز، لە سەنگەری دۆستایەتیی کوردان.
- داگیرکەرانی کوردستان و ئیمپریالیزم و چەوسێنەران، دوژمنی کوردن.
- دۆست و دوژمن، لەسەر ڕا و هەڵوێستیان لە مەسەلەی کورد دیاری دەکرێن.
- ڕەنجدەرانی کورد، بەردی بناغەی کۆمەڵگەکەمانن.
- چەوسێنەران، دوژمنی ناوخۆی کوردەوارین.
- چەتەیە، ئەوەی لە ویستی جەماوەر دەرچێت.

– ئەوەی کوردایەتی لە مرۆڤایەتی جیا بکاتەوە، وەک ئەوەیە گیان لە لەش جیا بکاتەوە.

– مرۆڤایەتیی کورد، کوردایەتییە.

– کوردایەتیی کورد، مرۆڤایەتییە.

– ئەوەی لە ناوی کورد سڵ دەکاتەوە، ناپاکە.

– ئەوەی شەرمی لە کورد دێت، بێئابڕووە!

– ئەوەی بە وشەی (کورد) بەلەسە دەبێت، دوژمنە.

– ئەوەی کوردی خۆش نەوێت، سپڵەیە.

– ئەوەی کوردێتیی لا نەنگە، زۆڵە!

– ئەوەی خزمەتی (کورد) نەکات، نەزۆکە! زڕە! قڕە!

کورد واتە: ڕەنجدەران، زەحمەتکێشان، دڵسۆزان، بیرڕووناکان.

– کوردستان تەنها موڵکی کوردە.

– هەموو بێگانەیەکی داگیرکەر لە کوردستاندا، ناپەسەندە.

– هەموو دوژمنانی کورد، دوژمنی مرۆڤایەتیین.

– هەموو دوژمنانی مرۆڤایەتی، دوژمنی کوردن.

– بێگانە لە کوردستاندا داگیرکەرە.

– لەژێر هیچ بارێکدا دوژمنایەتیی کورد ڕەوا نییە.

– لە هیچ هەلومەرجێکدا دژایەتیی کورد ڕەوا نییە.

– خۆسەپاندن بەسەر جەماوەردا تاوانە.

– چەوساندنەوەی جەماوەر هەر لە دوژمن دێت.

– بێگار و تەشقەل، مایەپووچیی سیاسییە.

– قسەی ڕووت بە دەردی کورد ناخوات، جەماوەری کاری گەرەکە.

– قسەی بێ کردار، هەوای ناو هەمانەیە.

– شۆڕشگێڕ ئەوەیە، لەنێو ژانی گەلدا بژی.

- دڵسۆز ئەوەیە، خۆی بۆ جەماوەر تەرخان کردبێت.
- لێهاتوو ئەوەیە، ئەرکی سەرشانی ئەنجام بدات.
- شایستە ئەوەیە، شوێنەکەی پڕبەپڕ پڕبکرێتەوە.
- ئێمە خۆمان لە کەس بە گەورەتر ناگرین، بەڵام لە کەسیش گچکەتر نین.
- لە ئاست دوژمندا گەورەین و لەبەردەم جەماوەر گچکە.
- باوەڕێک لەسەر ڕاستی هەڵنەستابێت، هەر دەتەپێت.
- کوردایەتی فەلسەفەی بوونی کوردە، بۆیە ڕێبازی ئەمڕۆ و ڕژێمی پاشەڕۆژە.
- کوردایەتی هەڵقوڵاوی ناخی کوردەوارییە، بۆیە تا کورد هەبێت، بیر و ڕێباز و فەلسەفەی دەبێت.
- کوردایەتی داوا و ئامانجی کوردە، بۆیە تاکە ڕێگەی ئازادی و یەکسانییە.
- کوردایەتی ڕسکاوی هەناوی جەماوەرە، بۆیە کاڵای پڕباڵای ڕەنجدەرانە.
- کوردایەتی واقعی مێژووی کوردە، بۆیە بیر و ئەندیشەی هەمیشە گەشەداری کوردەوارییە.
- شەهید، خۆری سەرفرازییە.
- شەهید، کازێوەی ڕزگارییە.
- شەهید، شەرەفی میللییە.
- شەهید، تاکە دڵسۆزی بێنیازە.
- شەهید، کۆڵەکەی بوونە.
- شەهید، تیشکی (ئازادی و یەکسانی)یە.
- شەهادەت شەرەفێکە، خوا بە هەموو کەسێکی نابەخشێت.
- شەهادەت، مەردایەتییە کە لە دەست کەم کەس دێت.
- شەهادەت، دوا مەنزڵگەی شەرەفە.
- شەهادەت، دیاریی خودایە بۆ مرۆڤ.
- شەهادەت، مردنە بۆ ڕسکانی ژیان.

- ئێمە دۆستایەتیی هەموو خێرخوایەک دەکەین، بەڵام خۆ ناکەینە پاشکۆی کەس.
- دۆستایەتی، بەرابەری و یەکسانییە.
- دۆستایەتی، ڕێز و بەرژەوەندیی هاوتایە.
- دۆستایەتی، بەخۆدا هاتنەوەیە نەک خۆنواندن.
- دوژمنایەتیی زۆردار، لە دۆستایەتی چاترە.
- مەردایەتی لە دوژمنایەتیی زۆردەست و دۆستایەتی خوار دەستدایە.
- لەبەردەم دوژمنایەتی ناچاریدا بوەستە و لە دۆستایەتیی ناچاری دوور کەوە.
- دۆستایەتی زۆردار، دوژمنایەتیی خۆتە.
- ئەوەی گەلەکەی خۆی بچەوسێنێتەوە، چاوەڕوانی چاکەی لێ ناکرێت.
- بەرەنگاربوونەوەی ناڕەوایی و چەوساندنەوە، شەرەف و ئەرکی میللییە.
- زۆردار بە کوتەک کەللەی نەرم دەبێت.
- لەسەرکەوتندا ئەوەندە کەس بە دەوری خۆتەوە بهێڵە، کە لە تەنگانەدا فریات بکەون.
- نە کەواسووری بەرلەشکر بە و، نە پیرێژنە شەلەی لە عێل بەجێماو.
- ئەوەندە نەرم بە نەجووڕێیت و، ئەوەندەش ڕەق بە نەکرتێیت.
- لە قەدەر دوو لاقت هەنگاو هەڵێنە.
- لە تەنگانەدا ئەوەندە هەڵپە بکە، سەرکەوتنەکەت بێبایەخ نەبێت.
- ڕۆژانی سەرکەوتن، ساتانی نووچدانت لەبیر بێت و، کاتی تەنگانەش چاو لە ئاسۆی سەرکەوتن ببڕە.
- ئەگەر نەتتوانی کەسێک بکەیتە دۆست، مەشی کە دوژمن.
- نە بە پشتی کەس بجەنگە و، نە لە ترسی کەسیش هەڵێ.
- تێبشکێیت نەک هەڵێیت، لەویان بە مەردی دەمریت و ئەمەیان بە سووکایەتی دەژی.
- ئەوەی زۆر لە خۆی ڕازی بێت، نەخۆش و ناتەواوە، ئەوەش زۆر خۆی بە کەم بگرێت، سووک و گەندەیە.